# پەیامی مافەکانی

# رسالة الحقوق
# الإمام علي بن الحسين

وەرگێڕانی:

م. ئاکام سید کەمال بەرزنجی

مافی بڵاوكردنەوەی پارێزراوە©

پەیامی مافەكان

رسالة الحقوق للامام علي بن الحسين عليه السلام

وەرگێڕانی:  م. ئاكام سيد كەمال بەرزنجی

پێداچوونەوە : رضا قاسم سمايلەوەند

بڵاوكردنەوەی: ناوندی بەيينە بۆ ئاسايشی بير و روشەنبيري/مەزارگەی حوسينييەی پيرۆز

ديزاين و دەركەوتنی هونەری: ئەندازيار زوهەير جبوری

چاپخانە: دار الوارث بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە

چاپی يەكەم: ٢٠٢٥ز - ١٤٤٦ك

بسم الله الرحمن الرحيم

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ

خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ

اقْـرَأْ وَرَبُّــكَ الْأَكْـرَمُ

الَّـــذِي عَلَّـــمَ بِالْقَـلَمِ

عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ

صدق الله العلي العظيم

# زەین العابدین کێیە؟

زین العابدین ئیمامی سەجاد لە مەدینەی رسول الله لە دایک بووە لە ساڵی ٣٨ کۆچی، نازناوی أبو محمد و زین العابدین و سید الساجدین سید العابدین و الزکی و أمین و ذو الثفنانی هەبووە و نەهامەتیەکانی کەربەلای بە چاوی خۆی بینیووە ئەو نەخۆش بوو لەو کاتەدا دەنا ئەویش شەهید دەکرا، زین العابدین علی کوری حسێن کوری علی کوڕی أبو طالبە عليه السلام، باوکی

سەجادیش گەورەی گەنجانی بەهەشتە ئیمامی حسێنی شەهیدی کەربەلایە عليه السلام، (دایکیشی شهربان شای ژنان کجی یزدجر کوری شهریاری کوری کسرایە پاشای فارسی دەوڵەتی ساسانییە) علی گەورەی موسڵمانان و شێری خودا ناوی نا مریم و نازناوی فاطمە بە گەورەی ژنانی سەردەمی خۆی ناوبانگی دەرکرد، ئیمامی سەجاد سێ دانە برای هەبووە: (علی الأكبر، عبدالله الرضيع و جعفر)، خوشکەکانیشی سێ دانەن (سکینە و فاطمە و رقیە) لە خێزانە دیارەکانی زین العابدین فاطمەی کجی امامی حسن ئەوانەش بەشێك لە منداڵەکانیەتی:

محمد الباقر. ٢- عبدالله حسن٣- حسين. ٤- زيد

٥- عمر. ٦- حسين الأصغر. ٧- عبدالرحمن. ٨- علی. ٩- محمد الأصغر.

نەخشی سەر هەنگوستیلەکەی نوسرابوو: (وما توفیقی إلا باللە) لە دووای شەهیدکردنی باوکی علیه السلام سی و چوار ساڵ ژیاوە لە مەدینە،هەر لە مەدینە دەستی کرد بە دەرس و دراسە وتنەوە هەرچەندە ڕێگری زۆریشی لێ دەکرا چونکە دەرس و دراسەی بە باشترین رێگای دەزانی بۆ ئیصلاحکردنی خەڵکی وە بۆ لە بیرچونەوەی ئەوەی بەسەریانهێندرا لە کەربەلا وە قەت جیاکاری نەدەکرد لە فێرکردنی قوتابیەکانی ئەوە لەگەڵمانە یان دژمانە گرنگ لای ئەو ئەوەبوو خەڵك بانگبکات بۆ رێگای باپیری محمد (صلی اللە علیە وآلە وسلم) بۆیە دواتر دووای دروستبوونی ڕەوتە ئیسلامیەکان هەموو وتەکانیان وەردەگرت و لە سودو قازانجی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا وەك دەلیلێکی بەهێز هەر لە

موعتەزیلەرابگرە تا صۆفی و ئەهلی حدیثیش، لە ماوەی ژیانیدا ئەم پاشایانە حوکمیان کردووە، (یزیدی نەوەی هیند، معاویەی کوری یەزید، مروانی کوری حەکەم، عبدالملکی کوڕی مەروان، ولیدی کوڕی عبدالملك)، دوو کتێبی لە دووا خۆی بە جێ هێشتووە بە ناوەکانی: السجادیة - رسالة الحقوق.

لە مانگی موحەرەمی ساڵی ٩٥ ك کۆچی دوایی کرد و لە گۆرستانی بە قیع نێژرا.

# رسالة الحقوق
# پەیامی مافەکان

بزانە خودا ڕەحمت پێ بکات، خودای گەورە چەندین مافی بەسەرتەوە هەیە وەك دەریا هەموو لایەکیان لێ گرتوویت، جولەکانت دانیشتنەکانەت وەستانەکانت، ئەندامەکانی جەستەت، یان هەر شتێك لە پێویستیەکانی ژیان، مافەکانیش هەندێکیان لە هەندێکیان گەورەترن.

مافەکان مافی خودایە بەسەرمانەوە، گەورەترین ماف بەسەرمان مافی خودایە کە هاوبەشی

بۆ بڕیار نەدەین و ئەوەش ئەسڵی هەموو شتەکانە، وە هەموو مافەکانی تر لق و پۆپی ئەون و لەوەوە سەرچاوەیانگرتووە، هەروەها چەند مافێکی لەسەر نەفسیمان داناوە لە سەرمانەوە تا بنی پێیەکانمان، بە پێی جیاوازی ئەندامەکانی لەشمان چەند مافی زیاتر پێ درابێت ئەوەندەش مافی زیاترمان لەسەرە، چاو و گوێ و زمان و پێیەکان و دەستەکان و سگ و دامێن مافیان لەسەرمانە، ئەو حەوت ئەندامەی لەش زۆرترین مافیان پێ دراوەو زۆرترین مافیشیان لەسەرمانە، دواتر کارو کردەوەکانیش مافیان لەسەرمانە، وەك نوێژ ڕۆژو چاکەو زەکات و قوربانی، هەندێك مافی تریش هەیە کە مافیان هەیە، وەك پاشا و مامۆستاو سەرۆك، هەروەها مافی نەتەوە سێدانەن : نەتەوە بەرامبەر سەرۆك یان فەرمانبەر بەرامبەر بەرپرسەکەی، کەسی نەزان بەرامبەر زانا، وە مافی خاوەنداریی وەك خێزان و خزمەتکار، وەمافی خزمایەتی: بەپێی نزیك و دووری لێیان مافیان هەیە بەسەرتەوەو، یەکەم کەسیش مافی هەیە بەسەرتەوە دایکتە، دواتر باوکتە، دواتر منداڵەکانتە، دواتر خوشك و براکانت و دواتر بەو شێوەیە پێدابرۆ تا دووردەکەوێتەوە مافیان لەسەرت کەمتر دەبێت، وە هەروەها مافی ئەوانەی خاوەن چاکەن لەسەرت، دواتر مافی بانگ بێژ، دواتر مافی ئیمامی نوێژەکانت، دواتر مافی ئەوکەسەی کە لە دانیشتگەت دادەنیشێت، دواتر مافی دراوسێکەت و برادەرەکەت و هاوبەشەکەت وماڵەکەت و ئەو کەسەی داوای لەسەرتە ئەوکەسەی داوات لەسەریەتی، دواتر مافی ئامۆژگاریکەر مافی کەسی بەتەمەن و مافی ئەو کەسەی بچوکەو بێ هێزە، مافی ئەو کەسەی خراپەی کردووە بەرامبەرمان بە قسە یان بە کردەوە، هەموو شتەکان مافیان بەسەرمانەوە هەیە ئەو بەردەی دەیهایت ئەو شەقامەی بەسەریدا دەڕۆی.

## ١- مافی خودای گەورە:

سەرەتا مافی خودای گەورە بەسەرمانەوە ئەوەیە بیپەرستین بە جوانترین شێوەو هاوبەشی بۆ بریار نەدەین، ئەگەر ئەوەندەت کرد بە دڵسۆزی ، ئەگەر ئەوانەمان کرد ئەوکاتە خودای گەورە لەسەر خۆی واجب دەکات ئەو شتانەمان پێ بدات کە دەمانەوێت لە دنیاو قیامەت ، وە بمانپارێزێت لە نەخۆشی و ناخۆشیەکانی دونیاو قیامەت، وە پتپاریزێت بەوەی کە بۆ خۆی پێی خۆشە

و بە باشی دەزانێت بۆتۆ نەك ئەوەی بۆخۆمان پێمان خۆشە جاری وا هەیە بۆ دنیامان یان بۆ قیامەتمان خراپە.

## ٢- مافی دەروون:

مافی دەروون: ئەوەیە دەروونمان مەشغوڵ وسەرقاڵ بکەین لە خودا پەرستیی و گوێڕایەڵی خودا ئەوەش واتلێدەکات کە لەوە تێبگەیت و بتگەیەنێتە ئەوەی کە زمان مافی هەیە، وە گوێیەکان مافیان هەیە، وە چاوەکان مافیان هەیە وە دەستەکانت مافیان هەیە، وە پێیەکانت مافیان هەیە، وە هەروەها زگت مافی هەیە بەسەرتەوەو، وە دامێنت مافی هەیە بەسەرتەوەو، وە پشت بە خودا دەبەستین کە یارمەتی دەرمانبێت بە پێدانی ماف بەو هەموو نازو نیعمەتانەی پێیداوین.

# مافی
# ئەندامەسەرەکیەکانی لاشە
## ١- مافی زمان:

مافی زمان: گەورەترین مافی زمان بەسەرمانەوە ئەوەیە رێزی بگرین و پاکوخاوێن ڕایبگرین، لە باشە بەکاری بهێنین، بە دوری بکەین لە خراپەو لە قسەی ناپەسەندو ناشیرین، وە بەڕەوشتەوە هەڵیبگرین وەبەکۆکراوەی بیهێڵینەوەو زۆر قسە نەکەین تەنها بۆ کاتی پێویستی و بۆ سود گەیاندن بە دین و دونیاو نەبێت، بەکارینەهێنین لە خراپە و لە شتێك کە سودی نەبێت، قەت دڵنیا مەبە لە زیانەکانی زمان

هەرچەندە هەڵەکانیشی کەمبێت، زمان دەژمێردرێت بە شاهێد لە سەر عەقڵو لۆژیك وە دەلیل و ئاماژەی کەسێکی ژیر لە زمانیڕا دەردەکەوێت، وە عەقڵ دەبێتە رێنیشاندەری زمان . ولا قوة الا بالله العلى العظيم.

## ٢- مافی گوێ (مافی بیستن):

مافی بیستن: ئەوەیە پاك ڕاگرتنی ئەو ڕێگاییەی کە ڕێچکەیە بۆ گەیشتن بە دڵ، بۆ ئەوەی دڵمان پیس وبۆگەن نەبێت دەبێت نەهێڵین پیسی و چەپەڵی نزیکی گوێیەکانمان بکەوێت، بۆیە گوێ بە دەرگای قسە کردنی دڵ دەژمێردرێت، ئەگەر قسەی باشی پێدا ڕۆیشت بۆ دڵ ئەویش دەیکاتە خوو و ڕەوشتی جوان، خۆ ئەگەر قسەو گوفتاری خراپ و نابەچێی پێدارۆیشتە خوار دڵ دەیکاتە خوو و ڕەفتاری ناشیرین، بۆیە ئاگاراری

گوێیەکانت بە، خراپەی گوێ لێ بێت ڕەنگدانەوەی خراپت دەبێت و باشەشی گوێ لێ بێت ڕەنگدانەوەی باشەت دەبێت. ولا قوة إلا بالله العظیم.

# ٣- مافی چاو و بینین:

مافی بینین: ئەوەیە بیپارێزین لە هەموو ئەوشتانەی بۆ ئێمە حەڵاڵ نیین، چاو گێر نەبیت و تەنها بیگێرین لە شتێك کە سوودی هەبێت بۆ ئاخیرەتمان، واز لە زەلیل کردنی چاوەکانمان بێنین تەنیا ئەگەر بۆ پەند لێ وەرگرتن بێت، یان بۆ پێشوازی کردن بێت لە چاوانێك کە سوودی زانستیمان پێ دەگەیەنن و یان سوودی ئاخیرەت هەبێت، چونکە چاوەکان دەرگای پەند وەرگرتن و پەند لێ وەرگرتنن

# ٤- مافی پێیەکان:

مافی پێیەکانمان: ئەوەیە پێی نەرۆینە شوێنێك کە بۆمان حەڵاڵ نییە، با پێیەکانمان نەبێتە هۆکاری گەیشتنمان بۆ شوێنی خراپ، بەرێگایەکی گوماناوی خراپی ترسێنەردا مەیبە کە خاوەنەکەی توشی ناخۆشی و نەهامەتی بکات، چونکە ئەو ئێستا تۆی هەڵگرتووە، بیبەی بۆ شوێنی باش شوێنی باشت بە نسیب دەبێت، بەڵام بیبەیت بۆ شوێنی خراپ شوێنی خراپت بە نسیب دەبێت، تۆ خاوەنی ئەوی بەڵام قەرزە لەسەرمان و رۆژێك دێ دەبێت ئەو قەرزانەمان بدەیتەوە، ولا قوة الا بالله العظیم.

## ٥- مافی دەستەکانمان:

مافی دەستەکانمان: ئەوەیە درێژی نەکەین بۆ هیچ شتێکی کە حەڵاڵ نییە بۆ ئێمە، بۆیە ئەگەر درێژی بکەین بۆ ئەو شتەی کە بۆت حەڵاڵ نیە خودا سزایەکی توندی بۆمان داناوە جا زوو بێت یان درەنگ ، بۆیە دەبێت لە هەموو ئەو شتانە دوربکەوینەوە کە حەڵاڵ نین بۆ ئێمە خۆ ئەگەر ئاوامان کرد ئەوا لە داهاتوودا سوودێکی زۆرمان پێ دەگات لە دونیاو قیامەت، دەستەکانیشت بەرمەدە لەو شتانەی کە خودا لەسەری فەرز کردووی، لە کۆتایدا دەست بەربدە لە هەموو شتە حرام و خراپەکان و دەست بگرە بە هەموو شتە حەڵاڵ و باشەکان و فەرزەکان.

## ٦- مافی زگ و وگەددە:

مافی ورگ ئەوەیە نابێت بۆ چەند تیکە نانێکی حەرام یان نانێکی زۆری حەرام خۆمانی پێ زەلیلی دونیاو قیامەت بکەین، هەروەها نابێت لە شتە حەڵاڵەکانیش زیاد لە پێویست بخۆین و ئیسراف بکەین، نە ئەوەندە خۆت برسی بکە تاقەتی عیبادات و کارو کاسبیت نەبێت، نە ئەوەندە زۆریش بخۆ تەمبەڵ و بێ تاقەت و خەواڵوت بکات لە عیبادات و کارو کاسبی دورت بخاتەوە، بۆیە زۆر خواردن بەرەو تەمبەڵی و خەواڵویی و بێ تاقەتیمان دەبات و

ناهێڵێت عیبادات و فەرمانەکانی خودا بە جوانی ئەنجام بدەین، ئەو کەسانەی زیاد لە پێویست خواردن و خواردنەوە دەخەنە بۆشای ورگ و گەدە گەورەیی و شەهامەت و ویقارو پیاوەتیان کەمدەبێتەوەو نایامێنێت.

## ٧- مافی دامێنمان:

مافی دامێنمان: لەسەرمان ئەوەیە بیپارێزین لە هەموو ئەو شتانەی کە حەرامن لێی، یارمەتیدەری بین بە پارێزگاری کردن لێی بە گرتنی چاوەکانمان لە نەزەری حەرام، یادکردنەوەی مردن بە بەردەوامی، ترساندی نەفس و دڵ و دەرونمان بە خوداو ئەشکەنجەو ئازارەکانی جەهەنەم، شەرم کردن لە خودا.

# ٨- مافی هەڵسوکەت:

مافی هەڵسوکەوت: دوای ئەوەی ئیمام باسی مافی ئەندامەکانی جەستەی بۆ کردین، ئەوجار دێتە سەر مافی هەڵسوکەوتکردن چونکە بەو ئەندامانەی لاشە هەڵسوکەوت دروست دەبن.

# ٩- مافی نوێژ:

مافی نوێژ: ئەگەر بزانی نوێژ چوونە خزمەت خودایە ڕاوەستانە لەبەر دەستی خودا، ئەگەر ئەوەت زانی ئەوا نەفست بچوك دەبێتەوە بەرانبەر بە خوداو ترس و بیم و کەمیەتی و زەلیلی و بێ هێزی خۆت پیشانی خودا دەدەیت، جا ئەگەر ئەوانەت کرد ئەوە باشترین خۆ ئامادەکردنە بۆ قسە کردن لە گەڵ خودای بە توانا، ئەوکات داوا بکە کە گەردنت بپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ و لە گوناحەکانت خۆشبێت و گوناحەکانیشت هەڵوەرێنێت. هیچ هێزێکیش نییە تەنها هێزی ئەو نەبێت.

# ١٠- مافی ڕۆژو گرتن:

ومافی ڕۆژوگرتن دەبێتە پەردە دەچێتە سەر ئەندامەکانی جەستەمان و دەمانپارێزێت لە خراپە،ئەگەر ببوە پەردە ئەوکاتەش ئەو پەردەیە دەچێتە سەر زمان و گوێیەکان و چاوەکان و دامێن و سك و بۆ ئەوەی بمانپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ ، بۆیە لە حەدیسێکیشدا هاتووە ڕۆژو دەبێتە پارێزگاری لێت لە دۆزەخ "الصيام جنة من النار... " ئەگەر ئەو پەردە کاری خۆی کرد لە سەر ئەندامەکان و ئەو کات بزانە تۆ پارێزراوی لە ئاگری دۆزەخ، بەڵام ئەگەر ویستت پەردەکە لا ببەیت لە سەر زمان و گوێت و چاوت ئەو ئەکات هیچ پەردەیەك نامینێت لە نێوان تۆو جەهەنەم.

# ١١- مافی بەخشین:

مافی بەخشین: زەخیرەو سەنەدو گەنجینەی تۆیە لای پەروەردگارت، وەبەرهێنانێکە کە پێویستی بە شایەتحاڵی نییە لەبەر ئەوەی خۆی شاهێدی خۆیەتی، ئەگەر ئەوەت بە دڵنیاییەوە بزانیبایە، ئەوکات بە نهێنی دەیبەخشی ئەوە زیاتر دەبێتە شایەتحاڵ بۆت لە رۆژی قیامەت لەوەی بە ئاشکرا بەخشیووتە، بۆیە ئەوانەی دەبەخشن لە بەر چاوی خەڵکی و یان بە شێوازێکی ئاشکرا ئەگەر مەبەستی خودا نەبێت، ئەو کات وا بەدیار دەکەوێت کە ئەو کەسە لە جیاتی خودا بکاتە شاهێد خەڵکی

دەکاتە شاهێد بۆ بەخشینەکانی، بۆیە بەخشینەکانتان با نهێنی بن بۆ ئەوەی تەنها خودا شاهێدیتان بۆ بدات، ئەوەی دەیبەخشی نابێت منەتی پێ بکەیت بەرامبەر بە کەس ، چونکە ئەو بە خشینە بۆ خۆتە، دواتر ئەوانەی بە منەتەوە شت دەبەخشن خۆیان ناشیرین دەکەن بەرامبەر خەڵك و بەرامبەر بە خوداش، بۆیە کاتێك بە خشیت تەنها لەبەر خودات بێت و بەس، هیچ هێزێک نییە جگە لە خودا .

## ١٢- مافی قوربانی کردن:

مافی قوربانی کردن: دەبێت ئیرادەت و ڕاستگۆ مخلص بیت لەگەڵ پەروەردگارو خودا لە سەربرینەدا، وە داوابکەی لە خودا بە ڕەحمەتی خۆی قبوڵی بکات، وە پیویستی بەوە نییە خەڵك بتبینێت و تەنها مەبەستت خودا بێت، نەك مەبەستی خۆ نمایشکردن بێت بۆ خەڵكی، وە بزانە خودا مەبەستی ئاسانییە لە سەرتان و مەبەستی قورسیی نییە، هەروەها زەلیلکردنی نەفس بەرامبەر بە خودا هیچ بارگرانییەکی تێدا نییە، بۆیە زەلیلکردنی نەفس لە سیفاتە جوانەکانی مرۆڤی ئیمانداره هیچ هێزێک نییە جگە لە خودا.

## ١٣- مافی ئیمامەکان و- مافی سوڵتان:

مافی سوڵتان: دەبێت بزانین کەئێمەی کردۆتە تاقیکردنەوە بۆ کاربەدەستانی وڵات، هەروەها خودا تاقیمان دەکاتەوە بە دەسەڵاتداران، بە دڵسۆزی ئامۆژگاریان بکەین نەك لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و دونیایی، لەگەڵیاندا شەڕ نەکەیت و مناقەشەی بێ سودیان لە گەڵدا نەکەیت لە بەر ئەوەی ئەوان دەسەڵاتدارن و لە وانەیە زیانت پێ بگەیەنن، ئەوکاتەی ئازاریاندای و لە ناویانبردی بە هۆکاری دژایەتیکردنیان و مناقەشە کردن لە

گەڵیاندا ئەو کات خۆت دەبیتە هۆکاری لە ناوچونی خۆت و ئەوەش نەهی لێ کراوە لە شەریعەتی ئیسلامدا، وە زەلیل و نەرم و نیانی بەرامبەریان بنوێنە بەڵام نەبێتە هۆکاری ئەوەی زەرەرو زیان بە ئاینەکەمان بگات، یانی زیاد لە پێویست خۆتیان بۆ بچوك مەکەوە، داوای یارمەتی لە خودا بکە لەوەدا، عینادیان لە گەڵدا مەکەو و دژایەتیشیان مەکە، چونکە ئەگەر ئەوە بکەیت ئازاری خۆت و ئازاری ئەوانیش دەدەیت، بۆیە نابێت شتێك بکەیت و شتێك بڵێت ببێتە هۆکاری لە ناچونی خۆت، بۆیە بەهانەیان مەدەنێ لە ئازاردانتان، ئەگەر شتێکتان کرد ببێتە هۆکاری ئەوەی ئازار بدرێت لە لایەن بەرپرسانەوە تۆش دەبیتە هاوبەش و یارمەتی دەری ئەو زوڵم وستەمەی بەسەرتدا دێت بۆ تۆ. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت.

## ١٤- مافی مامۆستا:

مافی ڕاهێنەر یان مامۆستا:

ئەوەیە بە شکۆمەندی و گەورەیی ڕێزەوە سەیری بکەین، ڕێزی زیاتری بگرین لە ناو مەجلیسدا بە باشی گوێی لێبگرین، ڕووی تێبکەین و چاو لە چاوەکانی ببڕین، یارمەتی بدەین لە کات پێدان و زەین پێ دانمان بە مامۆستا بە بەتاڵکردنەوەو خاڵی کردنی مێشکمان بۆ ئەو، خۆ ئامادەکردن بۆ تێگەیشتن، دڵمان خاوێن بکەینەوە بۆ مامۆستا ، کردنەوەی چاوەکانمان بە جوانی، بە وازهێنان لە چێژ و کەمبوونەوەی ئارەزووەکان بۆ ئەوەی ئەوەی دەیڵێت

تێیبگەین و لە بیری نەکەین ، زانینی ئەوەی کە فێری بویت بیگەیەنیتە ئەو کەسانەی کە نایزانن یانی گەیەنەری زانست و زانیاری بیت بە نەزانان، گەیەنەری خوو ئەخلاقی جوانبیت بۆ ئەوانەی نییانە، گەیەنەری ئاین بیت بۆ بێ دینەکان، تۆ تەنها گەیەنەری هیچی تر نا، نابێت خیانەت لە زانست و ئاین و خورەوشتی جوانمان بکەین، بە جێبەجێنەکردنی پەیامە پیرۆزەکانی ئیسلام . هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت.

# ١٥- مافی خاوەنداریی:

وە سەبارەت بە مافی خاوەنداری وەك مافی پاشایە: مافی خاوەنداری هاوشێوەو وەك مافی دەسەڵاتدارە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئەمیان خاوەنی ئەو شتەیە کە ئەوی تر خاوەنی نییە، دەبێت گوێرایەڵی بکەیت لە شتی بچوك و گەورە نابێت گوێرایەڵی بکەیت لە پێشێلکردنی خالق و مەخلوقەکان ، لە هەموو حاڵێکدا دەبێت گوێرایەڵی بکەیت تەنها لە کاتی زوڵم لە خوداو لە مەخلوقەکان ناکرێت گوێرایەڵی کەس بکەیت. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت .

## ١٦- مافی گەل وخەڵک:

سەبارەت بە مافی گەل و خەڵك لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە: بزانە کە تەنها لە سایەی دەسەڵاتی خۆتانەوە بەسەرواندا زاڵن، چونکە میللەت لاواز و زەلیل و بێ دەسەڵاتە بۆیە بۆتە ڕەعییەتی ئێوە ، بۆیە بەبەزەیی و ئارام بن لە گەڵیاندا، بۆیە دەبێت شوکری خودا بکەیت لەوەی خودا تۆی کردۆتە کاربەدەست و گەورەی ئەوان، بۆیە شتێك نەکەیت سکاڵایان بەرز بکەنەوە لای خودا، لە گەڵیاندا بەخشندەو بە سۆزو بەبەزەی بە، ئەگەر ئەوەت کرد دیارە تۆ سوپاس گوزاری خودای لەوەی

کە پێی داوی، بۆ ئەوەی زیاتریشت بداتێ کە سوپاسگوزاری خودا بیت و هەرکەسێک سوپاسگوزاری خودا بکات، زیاتری پێ دەبەخشرێت لە لای خوداوە.

## ١٧- مافی قوتابی:

مافی قوتابی: سەبارەت بە مافی ڕەعیەتەکانت بۆ زانین چاك بزانە ئەی مامۆستا خودا تۆی کردووە بە کۆگایەک بۆ قوتابیان، لەو خەزێنە مەعریفەو زانستەی کە هەڵتگرتووە بیبەخشە بە قوتابیەکانت بێ ئەوەی کەمتەرخەمی بکەیت، دەبێت ببەخشیت و چاکە بکەیت لەوەی کە خودا پێی بە خشیوی، لە هەرشوێنێك نەزانێك پێویستی بە زانستەکەی تۆ هەبێت دەبێت بەو پەڕی بەخشدەییەوە پێی ببەخشی، بەڵام ئەگەر بەوپەری بەخشدەیی و لێبوردەی و خۆشەویستیەوە

زانستەکەت نەگەیەنیت بە قوتابیەکانت ئەوکاتە دەکەوینە بازنەی خیانەتی زانستی و لە دونیاو قیامەت خودا لێپرسینەوەی توندمان لەگەڵدا دەکات.

## ١٨- مافی هاوسەر:

مافی هاوسەر: سەبارەت بە مافی ڕەعیەتەکانتان بۆ موڵک و ماڵی هاوسەرگیری دەزانن خودا کردوویەتی بە شوێنی نیشتەجێبوون و پشوودان و ئاسوودەیی و پاراستن و بە هەمان شێوە هەر یەکێک لە ئێوە دەبێت ستایشی خودا بکەن بۆ هاوسەرەکەی و بزانن کە ئەمە نیعمەتێکە لەلایەن ئەوەوە لەسەری، و دەبێت باش بزانێت ئەوا نیعمەتی خودایە، جا ڕێز گرتنی نیعمەتی خوداش واجبەو دەبێت ڕێزی لێبگرێت و میهرەبان بێت لەگەڵیدا، تەنانەت ئەگەر مافی تۆ لەسەری بێت هەر

دەبێت ڕێزی بگریت، گوێڕایەڵی تۆ بێت لەگەڵیدا پابەند بێت بەوەی حەزت لە چییەو رقت لە چییە، یان زۆری لێ بکەیت لە شتێك و بە مەرجێک گوناح نەبێت، ئەو کات مافی ڕەحم و بەزەی و خۆشەویستی هەیە، شوێنی مانەوەو ئارامبونەوەی چێژ بەخشی تۆیە بۆیە دەبێت زۆر جوان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت، هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت

## ١٩- مافی كۆیلەوكەنیزە

لەم سەردەمە(كارەكەر یان پاسەوان)ی پێ دەگوترێ:

سەبارەت بە مافی كۆیلە و كەنیزە (كارەكەرو پاسەوان) ، ئەوەیە كە بزانیت كە ئەو پەروەردگارەی تۆی دروست كردووە ئەوانیشی دروست كردووە، وەك جۆن تۆ لە گۆشت و خوێنی ئەوانەی لەبەر دەستی تۆشن ئەمرۆلە گۆشت و خوێن دروستی كردوون، وە تۆ خاوەنی ئەوان نین خاوەنی راستەقینەی تۆ ئەوانیش خودایە، تۆ گوێ و چاوت بۆ دروست نەكردوون، و هەر خودا گوێی دروستكردوون بۆ بیستن و چاو بۆ

بینین، وە تۆ رزقیان نادەیت، ئەوە خودا ڕزق و ڕۆزی تۆو ئەوانیش دەدات رزق و رۆزی زۆرتری داوەتە تۆ بۆیە تۆش لەو ڕزق و ڕۆزییەیان پێ بدە کە خودا تۆی کردۆتە سەرپەرشتیاری نەك خاوەنی، چونکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەوان و ئێمەش خودایە، لەو خواردنەیان پێ بدە کە خۆت دەیخۆیت و لەو جلانەیان لەبەر بکە کە خۆت دەیپۆشی، وە داوای شتێکی لێ مەکە کە لە توانایدانییە و وە ئەگەر کارێکی کرد بە دڵی تۆ نەبوو ئەشکەنجەو ئازاریان مەدەن و دەتوانن بیگۆڕن بەوەی کە دەتانەوێت چونکە ئەشکەنجەی دروستکراوەکانی خودا گوناحێکی گەورەیە .

## ٢٠- مافی دایک سکی (رەحم) دایکت:

سەبارەت بە مافی سکی دایکت:

مافی خۆیەتی بزانێت کە تۆی هەڵگرتووە کە کەس کەس هەڵناگرێت بەم شێوەیە و بەم جۆرە وە کەس ناتوانێت لەو شوێنە کەس هەڵبگرێت و لە بەرهەمی دڵی خۆیەوە خۆراکی پێداویت کە کەس نایدات بە کەس تەنیا دایك دەیداتە کۆرپەکەی، وە ئەو کاتەی تۆی پاراستوە بە چاوەکانی و گوێیەکانی و دەستەکانی و پێیەکانی وە بە مووەکانی پێستی و بە هەموو ئەندامەکانی لاشەی بە

هەموو شێوەیەك تۆی پاراستووە لە هەموو شتێك، وە بە تۆوە توشی خۆشی و شادی دەبێت وە بەهۆی ئەو شادیەشە کە بەرگەی هەموو ئازارێك و ناخۆشیەك دەگرێت تا گەورەتدەکات، دەستی دەسەڵاتی خودا تۆی هێنایە دەرەوە بۆ سەر زەوی، بۆیە قبوڵی کرد خۆی برسیبکات تا تۆ تێربیت، خۆی پۆشاك نەپۆشێت تەنها بۆ داپۆشینی تۆ خۆی سەرما بردوو بکات تا تۆ گەرم ببیەوە، خۆی تینو دەکات بۆ ئەوەی تینویەتیت بشکێنێت، خۆی ماندوو دەکات بۆ ئەوەی تۆ ئیسراحەت بکەیت، خۆی برسیی دەکات بۆ ئەوەی تۆ تێر بیت، ناخەوێت بۆ ئەوەی تۆ بخەویت، وە لە هەمانکاتدا سکی بۆتە قەسرو خانوو ژوری نوستنت، وە مەمکەکانی بۆتە کانی و لێی دەخۆیتەوە، وە هەناسەکەشی دەتپارێزێت.

تەحەمولی گەرمی دەکات بۆ ئەوەی تۆ فێنك ببیتەوە، سوپاسی بکە بەو پێیەی کە بۆی کردووی تەنیا بە یارمەتی و سەرکەوتنی خودا دەتوانیت بیکەیت.

## ٢١- مافی باوک:

سەبارەت بە مافی باوکت: ئەگەر بزانیت کە ئەو بنەچەو ڕەگ و ئەصلی ئێمەیە، کە ئێمە نەوەکانی ئەوانین و بەبێ ئەوان بوونمان نەدەبوو، بۆیە هەرچییەک لە خۆتدا دەبینیت کە حەزت لێیە و پێی سەرسامی چاك بزانە ئەوا باوکت سەرچاوەو خاوەنییەتی چونکە ئەوە نیعمەتی ئەوە لە تۆدا ڕەنگی داوەتەوە بۆیە ستایش و سوپاسی خودا بکە بەو شێوەی کە تۆی پەروەردە کردووە. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت.

## ٢٢- مافی منداڵ:

مافی منداڵ: چاك بزانە کە ئەو لە تۆیە ئەو هی تۆیە لە جیهاندا جا چاکەکار بێت یان خراپەکار، وە تۆ بەرپرسیاریت لەوە کە ڕەوشت پێدەرێکی باشبیت یان خراپ، وە ئاماژەدان بە ناساندنی خودا و یارمەتیدانی بۆ ئەوەی هەردووکتان پێکەوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بکەن، بۆیە لەسەر گوێڕایەڵی و گوێڕایەڵی نەکردنی ئەمانەش تۆو منداڵەکەشت پاداشت و سزا دەدرێن، کەواتە لە بابەتەکاندا وەک ئەو کەسە مامەڵە بکە کە لە دونیا کاریگەرییەکی باش

لەسەر منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت، کە بیانوو بداتە پەروەردگارەکەی بۆ ئەوەی بەهەشت بە نسیب خۆی و منداڵەکەشی بکات. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت .

## ٢٣- مافی براكەت:

مافی براكەت: چاك بزانە ئەو دەستی تۆیە كە درێژی دەكەیت، پشتتە كە ڕووت لێدەكات، هێزی تۆیە كە پشتی پێدەبەستیت، هێزی خۆتە كە پێی دەگەیت برا وەك چەكێكە نابێت بۆ دژایەتی خودا بەكاربێت، نابێت وەك ئامرازێك بۆ نادادپەروەری بەرانبەر بە دروستكراوەكانی خودا بەكاربێت. براكەت سەرت دەخات بەسەر نەفسی خۆتدا، سەرتدەخات لە بەرامبەر دوژمندا، وە زۆر ئاگاداری نێوان براكەت و شەیتانەكان بە .

وە ئامۆژگاری بكەو پشتگوێی

مەخە، وە ڕووی تێبکەو لە گەڵی بە لە پێناو خودادا، ئەگەر ملکەچی پەروەردگارەکەی بوو بە باشی وەڵامی دایەوە ئەوا هەم خودا هەم براکەی لە گەڵیدا دەبن، هەر خوداشە لە تۆ باشترو بەخشندەترە لە خوودی خۆت .

# ٢٤- مافی دڵسۆزیو خێرخوازی:

سەبارەت بە مافی ئەو کەسەی وەفاداری بە ئێوەی بەخشیوە: کە دەزانن پارەکەی بۆ ئێوە خەرج کردووە، و لە زەلیلی و تەنیایی کۆیلایەتی دەریهێناون بۆ شکۆمەندی ئازادی و لەبیری مەکەن و چاکەی بدەنەوە، و تۆی لێ ئازاد کردووە، لە قوڕگی کۆیلایەتی ڕزگاری کردیت، وە تۆی وەک بۆنی شکۆمەندی دروستکردبێت، لە زیندانی ستەم دەرهێنایت، سەختی لێت دوورخستەوە، فراوانتری کردیت تۆ زمانت هەیە دادپەروەری و ڕێگەی پێداویت هەموو

دونیا، بۆیە خاوەنی تۆیە، ئازادت دەکات بۆ پەرستنی پەروەردگارت، و بەرگەی ئەوە دەگرێت کەموکورتی پارەکەی، بۆ ئەوەی بزانیت کە ئەو شایستەترینە بۆ دروستکردنت ، دوای خزمایەتیت لە ژیان و مردندا، و شایستەترینی دروستکراو بۆ سەرکەوتن و هاوکاری و پاڵپشتیت لە پێناو خودادا، بۆیە خۆت لەوە پێ باشتر مەکە کە پێویستی پێیەتی بۆ تۆ

## ٢٥- مافی کۆیلە:

مافی کۆیلە: خودا نعمەتی داوەتە تۆ چونکە چاك بزانیت خودا تۆی کردووە بە پارێزەر، لەسەر ئەو و پارێزەر و پشتیوان و قەڵایەیەی کە دروستت کردووە بۆ ئەم کۆیلەیە. وە دەتوانیت بیکەی بە ئامراز و هۆکارێک لە نێوان خۆت و ئەودا، بۆ ئەوەی ڕزگارتان بێت لە ئاگری دۆزەخ، کەواتە دەبێت بزانیت لە داهاتوودا پاداشت دەدرێتەوە لەسەر جوان هەڵسوکەوتکردنت لە گەڵیدا، ئەوەی تۆ کردووتەو خەرجتکردووە تەنها پارەبووە بەڵام خودا بە زۆر باشتر پاداشتت دەداتەوە، هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت

## ٢٦- مافی چاکەکار:

مافی چاکەکار: ئەو کەسەی کە میهرەبانەو چاکەی لەگەڵتدا کردووە، دەبێت سوپاسی بکەیت و میهرەبانییەکەی لەبیر نەکەیت و باسی باشیەکانی بکەیت و بۆی بڵاوبکەیتەوە، وە بە دڵسۆزی دوعای خێری بۆ بکەیت لەوەی کە لە نێوان تۆ و خودادایە، وە داوای شکۆمەندی بۆ بکەیت لە خودا، وە بە نهێنی و بە ئاشکرا سوپاسی بکەیت. پاشان ئەگەر دەتوانرا بە کردار پاداشتی بدەیتەوە ، ئەگینا چاودێری بکە و تا بۆت دەگونجێت بە کردار چاکەی لەگەڵدا بکەیتەوە، بۆیە نابێت چاکەی چاکەکاران لە بیر بکەیت .

## ٢٧- مافی بانگ بێژ:

مافی بانگ بێژ: دەبێت بزانیت بانگبێژ پەروەردگارت بیردەخاتەوە و بانگهێشتت دەکات بۆ بەختەوەری باشترینی یارمەتیدەرەکانمانە لە جێبەجێکردنی ئەو فەرزەی کە خودا لەسەرمان فەرزی کردووە کە ( نوێژە ) بۆیە دەبێت بە گەورەو موقەدەس و پیرۆز سەیری بکەین، نابێت بانگ بێژیش رێز لەو شەرەفە نەگرێت کە پێی دراوە کە بیر هێنانەوەو ئاگادارکردنەوەی خەڵکە بۆ نوێنەرەکانیان .

## ٢٨- مافی ئیمامی نوێژ:

مافی ئیمامی نوێژ: ئیمام باڵیۆزی نێوان تۆ و خودایە، وە سەرپەرشتی قافڵە و وەفدەکەیە کە بەرێکەوتون بۆ لای پەروەردگار، باسی هەموتان دەکات لە بارەگای خودا و دوعا بۆ هەموشتان دەکات بێ جیاوازی، باسی تۆ دەکات لەلای خودا دوعا دەکات و دەپارێتەوە، هەر ئەوەندەشنا ئەوەش بەس نییە بۆ ئەوەی ئەگەر کەموکوڕی هەبووبێت لە هەریەکێک لەوانەدا، ئەوا ئیمام کەموکوریەکان پردەکاتەوە، لای ئەو خۆت بپارێزە و بە دوعاکانی دوعاکانت بپارێزە، بۆیە سوپاسگوزاربە، هیچ هێزێک نیە تەنها لای خوا نەبێت .

# ٢٩- مافی مەجلیس و دانیشتگە:

مافی دانیشتن: گەورەترین مافی مەجلس ئەوەیە بزانی لەگەڵ کێ دادەنیشیت ، دواتر نەرم و نیان بە لە ناومجلسدا، بۆ ئەوەی دانیشوانی مەجلسەکە دڵخۆش بکەیت، دادپەروەر بیت لەگەڵیدا لە هاوتاکردنی قسەکردندا نەك هەر خۆت قسەکەر بیت گوێ نەگریت، با قسەکانت جوان وریێك و پێکبن و ئەوەی لە مەجلیسەکەیە تێی بگات ، و ئەگەر تۆ دانیشتی با خەڵکەکەش دابنیشت بەڵام کاتێك بە پێوە بووی با خەڵکەکە

بە کەیفی خۆی بکات دابنیشێت یان بە پێوە بێت، لە مەجلس هەڵمەستەوە بەبێ ئیزنو مۆڵەتی خاوەن مەجلس. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت .

## ٣٠- مافی دراوسێ:

مافی دراوسێ: پاراستنی کەرامەت و شەرەفیەتی لە ئامادەنوونیدا و پشتیوانی کردنی و هاوکاری کردنیەتی لە هەموو کاتێکدا، شوێن عەیبەکانیان مەکەون و بەدوای عەیبەکانیدا مەگەڕێ، لە شوێنێکەوە بە دزی گوێیان لێ مەگرن، لە کاتی ناخۆشیدا تەسلیمی دوژمنیان مەکەن، ئیرەیی بە نازو نعمەت و ماڵ و سامانیان مەبە، لە هەڵەو خراپیەکانی ببورە، مەهێڵە هەڵبخلیسکێت، ئازاری مەدەو مەچنە بەر دەرگاکان بۆ ئازاردانی یەکتر و سوکایەتی و

خراپە دورخەنەوە لەیەکتر، ئامۆژگاری یەکتر بکەن و خراپەکان بەرامبەر یەك پووچەڵ بکەنەوە و پەیوەندییەکی شایستەتان لەگەڵ یەکدا هەبێت. هیچ هێزێک نیە تەنها لای خوا نەبێت .

## ٣١- مافی هاوڕێ:

سەبارەت بە مافی هاوەڵ: یاوەری کردنی فەزیلەتە تا ئەو کاتەی ڕێگایەکت بۆی دەدۆزیتەوە، ئەگینا هیچی کەمتر نییە لە دادپەروەری و ویژدان، لەسەرتە ڕێزی ئەو بگریت وەك جۆن ئەو ڕێزت لێدەگرێت، بیپارێزی وەک جۆن ئەو تۆ دەپارێزێت، وە پێش تۆ ناکەوێت لەوەی کە لە نێوان تۆ و ئەودا هەیە بۆ ئەوەی ڕێزی لێبگرێت، خۆت پابەند بکە بە ئامۆژگاریکردن و یارمەتیدانی بۆ گوێڕایەڵی پەروەردگار و یارمەتیدانی لەگەڵ خۆیدا لە هەر کارێک کە بەنیازە بیکات، وە

ئامۆژگاری کردنی لە نەکردنی سەرپێچی پەروەردگار، ئەوە میهرەبان بە لەگەڵیدا و سزای نەدەیت وەك ئەویش دەبێت میهرەبان بێت و سزات نەدات، هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت .

## ٣٢- مافی هاوبەش:

مافی شەریک یان هاوبەش: ئەگەر ئامادە نەبوو وەکیلایەتی تۆبەسە، ئەگەریش ئامادە بوو تۆو ئەو یەکسانن، نابێت هیچ کارێك بکەی سەربەخۆ بەبێ وەرگرتنی بۆچونی ئەویش، وە پارەکەی زۆر چاك بپارێزیت و وەك پارەکانی خۆت و لە خیانەتکردن زۆر دەترسیت، ڕێز لەیەک بگرن و بێ یەك کارناکەن، چونکە ئێمە ئاگادارکراینەوە لە لایەن رسول الله صلی الله علیه وآله وسلم کە فەرموویەتی: دەستی خودا لەسەر ئەو دوو هاوبەشەیە تا ئەو کاتەی خیانەت لێك ناکەن. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت .

## ٣٣- مافی پارە:

مافی پارە: ئەبێت وەری نەگرین مەگەر لە حەڵاڵەکان نەبێت، وە خەرجی نەکەین مەگەر لە حەڵاڵدا نەبێت. وە لە شوێنی خۆی و لە شتی بەسوود سەرفی بکەین، وە لە حەقیقەتەکانی لا مەدە، سەرفی بکە لە پێناو ئەو کەسەی کە پارەکەی پێ داویت بۆ ئەوەی زیاترت پێ بدات ئەویش خودایە، مەهێڵە پارە ببێتە هەموو شتێکت لە ژیانتدا، دوواتر کاریگەری خراپت لەسەر دروست دەکات ڕەنگە ستایشیشت نەکات، سەرفی مەکە تەنها لە ڕێگای خودادا نەبێت، ئەوکات تۆ

دەبیتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی ببێتە زەخیرە بۆ دنیاو قیامەتت، خۆ ئەگەر وات نەکرد لەگەڵ غەنیمەتەکەدا دەڕوات و گوناهو و دڵشکان و پەشیمانی لەگەڵ بەرپرسیارێتیەدا هەڵدەگریت لە دونیاو دووارۆژدا. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت.

# ٣٤- مافی قەرز:

مافی قەرز: ئەو کەسەی داوای قەرز لە تۆ دەکات ئەگەر تۆ هەبوون بیت ئەوا داواکاریەکەی جێبەجێی بکەیت و دەوڵەمەندی بکەیت وە درێغی نەکەیت و دەستت نەنێی بەرویدا چونکە پێغەمبەر صل الله علیه وآله وسلم ، فەرموویەتی: (بەهانەی دەوڵەمەندەکان ناڕەواو ستەمە) . [1]

وە ئەگەر ئیفلاس بوویت و هیچت نەبوو  بە قسەی خۆش دڵی خۆش بکە و داوای داواکارییەکەی بە جوانی جێبەجێ بکە، وەڵامێکی

---

[1] - مطل الغني ظلم

جوانی داواکاریەکانیان بدەوە، پارە بۆ مامەڵەی خراپ بەکار مەهێنە و مەیدە کەسێك بە قەرز ئەگەر بێت و بزانیت بۆ خراپەیەتی، هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت .

# ٣٥-مافی
# شت تێکەڵکردن:

مافی شت تێکەڵکردن: یەکترفریو مەدەن، فێڵ لە یەکتر مەکە درۆی لەگەڵ یەکتر مەکە، یەکتر پشتگوێ مەخەن، وەك دوژمن مامەڵە لەگەڵ هاوبەشەکەتدا مەکە، وە مامەڵە بکە وابزانە هەموو ماڵەکە هی خۆتە، ئەگەر دڵنیا بوو لە تۆ تۆش دڵنیابە لە ئەو، لەسەرەخۆ لێك بکۆڵنەوە وە مامەڵەی ریبەوی مەکەن.

## ٣٦- مافی ئەوکەسەی داوای لەسەر تۆ هەیە:

مافی نەیارو دووژمن: کە بانگەشەی دژایەتی تۆ دەکات ئەگەر ئەوەی لە دژی تۆ بانگەشەی کردوو داواکەی راست بوو ناکرێت هاوڕێیەتی نەکەی پێش ئەوەی بە دوژمنی نەبینی بەڵام ئەگەر بە دوژمنی ببینیت ئەوکات بۆت هەیە خۆتی لێدوور بخەیتەوە ، وە ئەگەر خۆت دژایەتیت کردووە لەگەڵیدا، دادوەریش دژی ئەوە و... شایەت حاڵی ڕاستی خۆی بەبێ شایەتحاڵی. چونکە ئەوە مافی خودایە لەسەر ئێوە. وە

ئەگەر ئەوەی ئیدیعای دەکات درۆ بێت، من میهرەبان دەبم لەگەڵیدا، ڕێگری لێدەکەم، بانگەوازی بۆ دەکەم بۆ ئایینەکەی، بە یادی خودا دوورکەوتنەوەی لێت دەشکێنم و (٢) ئەو گیربوونی قسەکردن و ناڕوونییەکەی کە دەیکات، فڕێدەدەم شەڕانگێزی دوژمنەکەت دوور نەخەیتەوە. بەڵکو گوناهەکەی هەڵبگرن، لەگەڵ ئەوەشدا شمشێری دوژمنایەتییەکەی لە دژی تۆ تیژ دەکات، چونکە قسەی خراپ خراپەکاری لێدەکەوێتەوە، چاکە خراپە سەرکوت دەکات. هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت .

## ٣٧- مافی تۆمەتبار:

سەبارەت بە مافی تۆمەتبار، ئەگەر ئەوەی تۆ ئیدیعای دەکەیت مافە، واباشە ڕێگە چارەی قوتاربوونی بۆ بدۆزیتەوە، چونکە پێویستە گوێ لە تۆمەتبار بگرێت و وە بە بەزەییەوە سەیری بەهانەکانی بکەیت، وە زۆرترین میهرەبانی و کاتی بدەیە با باسی تاوانەکەی خۆی بکات، تۆش بەو پەری میهرەبانییەوە گوێی بۆ بگرە، بۆیە نابێت بیکەیتە مناقەشە لەگەڵ کەسی تۆمەتبارو زیاترتۆمەتبارتری بکەی، بە

**قسەو قسە لۆك، ئەوكات هیچ بەهانەیەكت نامینێت لەو بارەیەوە. هیچ دەسەڵاتێك نییە تەنها لای خودا نەبێت [1].**

[1] هیچ كەس تاوانبار نییە تا تاوەنەكەی دەچەسپێت لەسەری

## ٣٨- مافی ڕاوێژ و ڕاوێژكاری:

مافی ڕاوێژكار: ئەگەر بۆچوونێكت بۆ بخاتەڕوو تۆ هەوڵ دەدەیت ئامۆژگاری بكەیت، و بەو شتە ئامۆژگاری دەكەیت كە دەزانیت ئەگەر لە شوێنی ئەو بویتایە، بەپێی ئەو مامەڵەت دەكرد كە چۆن مامەڵەت لەگەڵدا دەكرێت، راوێژكار دەبێت بە ڕەحم و نەرمی و بە جوانی بێت، چونكە بە نەرمی مرۆڤ سەرنجی دەوروبەرەكەی رادەكێشێت، هەروەك چۆن بە پێچەوانەوە رەقی تورەیی وا دەكات هەست بە بێزاری بكەن بەرامبەرت و

لێت دوورکەونەوە، وە راوێژ کردن فەرمانکردن نییە کە هەر دەبێت بە قسەت بکات تۆ رێگای بۆ دادەنێت یان وەریدەگرێت یانیش وەریناگرێت، لە هەردوو حاڵەتەکە مەبەستی سەرەکیت خودابێت و وەهیوای چاکەی بۆ بخوازیت بە بەزەیی و بەرەحم بیت لە گەڵیاندا، هیچ هێزێک نیە تەنها لای خوا نەبێت .

## ٣٩- مافی راوێژ پێكراو:

مافی ڕاوێژ پێكراو: تۆمەتباری مەكە بەوەی كە بۆچوونەكەی لەگەڵتدا ناگونجێت ئەگەر ئامۆژگاریمان بكات، چونكە ئەوە بۆچوون و ڕەفتاری مرۆڤەكانەو جیاوازیش هەیەی نێوانیانماندا، كەواتە تۆ سەربەستی ئەگەر بۆچونەكەی ئەوت بە دڵنیە تاوانباری مەكە و بۆچونەكەی وەرمەگرە، هەروەها سەبارەت بە تۆمەتەكەی بۆ تۆ دروست نییە ئەگەر كەسێكت هەبێت بە تاوانباری بزانیت و شایەنی ڕاوێژپێكردنیش بێت، كەمتەرخەمی مەكە لە سوپاسكردنی بۆ ئەوەی

لێیەوە دەرکەوتیت خەڵکی بۆچوونی خۆی و شێوازی باشی ئامۆژگارییەکانی، ئەگەر لەگەڵت هاوڕا بوو سوپاسی خودا بکەو دواتر سوپاسی براکەشت بکەو هەوڵبدە یارمەتیەکی پێشکەش بکەیت وەك ئەو جۆن یارمەتی داین و ئەوە لە براکەت قبوڵ دەکەی.

## ٤٠- مافی ئامۆژگاریکار:

مافی ئامۆژگاریکار: پێویستە ئامۆژگاری بکەیت لەسەر ئەو ڕاستییەی کە دەیبینیت و دەیزانیت، ڕێگای دەرچوونی بۆ بکەیتەوە لە ڕێگا داخراوەکان، با نەرم بین بۆ ئەوەی بەرهەمان هەبێت، وە بە وشەیەک و بە جۆرێك قسەی لەگەڵ بکەین کە عەقڵی بەرگەی بگرێت و بە خۆشحاڵیەوە لێت وەربگرێت، چونکە ژیر ئەوەیە هەموو ئەوەی دەیزانێت نایڵێت، و با عەقیدەکەمان ڕەحمەت بێت و بەزەیمان بە بەرامبەرەکانماندا بێتەوە، هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت.

# ٤١- ڕاستی ڕاوێژكار ئامۆژگاری كراو:

سەبارەت بە مافی ئامۆژگاری كراو: باڵەكانت بۆی ڕابخە، پاشان دڵت بۆی پڕ بكە لە سۆزو خۆشەویستی، گوێیەكانی خۆتی بۆ بكەیتەوە، بۆ ئەوەی لە ئامۆژگارییەكانی تێبگەیت و سوودی لێ وەربگریت، پاشان بیر لە ئامۆژگاریەكانی بكەوە، خۆ ئەگەر وات نەكرد ئەوا بێ سوود قسەت بۆ دەكات و لە كاتی خۆت و ئەویش دەگریت ئەگەر گوێ نەدەیتە قسەكانی. هیچ دەسەڵاتێك نییە تەنها لای خودا نەبێت.

## ٤٢- مافی گەورەکان :

مافی بەساڵاچووان: سەرەتا ئەوەیە ڕێز لە تەمەنەکەی بگریت و ڕێز لە موسڵمانبوونی بگریت ئەگەر یەکێک بێت لە خەڵکی شایستەکان لە ئیسلامدا، دواتر نابێت لە کاتی ناخۆشیدا وەلامیان بدەینەوە، دەبێت پێش بخرێن، لە مەجلس و کۆڕەکان لە ڕێگادا نابێت پێشیان بکەوین، نابێت مشتومڕیان لەگەڵدا بکرێت، نابێت پشت گوێ بخرێن و تواناکانیان بەکەم سەیربکرێت، هیچ دەسەڵاتێک نییە تەنها لای خودا نەبێت.

## ٤٣- مافی بچوکەکان:

مافی بچوکەکان: ئەوەیە کە بە بەزەیی بین لە گەڵیانداو ڕۆشنبیریان بکەین و فێری زانست و زانیاریان بکەین، چاو پۆشی لە هەڵەکانیان بکەین و، هەڵەکانیان دابپۆشین، نەرموونیان بین لەگەڵیانداو، ببینە پاڵپشتی بۆیان، ئەگەر هەڵەیەکیان کرد لە قسەدا یان لە ڕەفتاردا نابێت بڵاوی بکەینەوە، ئەو داپۆشینەش دەبێتە هۆکاری تەوبە کردنی، هەروەها دەبێت رەچاوی بارودۆخیان بکەین، ئەوەش کەمترین شتە کە بۆیان بکەین بۆ ئەوەی مرۆڤێکی لێهاتوو بە تواناو زیرەك و باشیان لێ دەربچێت.

## ٤٤- مافی سواڵکەر :

مافی سواڵکەر: ئەوە بەخشینی بەخشندەیە ئەگەر ئامادە بێت و توانیت پێویستیەکەی دابین بکەیت ئەوا زۆر باشە، ئەگەرنا دەبێت دوعا بۆ خۆت و بۆ ئەویش بکەیت لەوەی بەسەریدا هاتووە، یارمەتی بدەیت لە داواکارییەکەیداو،وەئەگەرگومانت لە ڕاستگۆیی سواڵکەرەکە هەبوو زۆر جار ئەو گومانە لە شەیتانەوەیە بۆ ئەوەی نەتوانی چاکەی لەگەڵدا بکەین و دەست بە رویدا بنێین، بۆ ئەوەی لە خودا نزیک نەبینەوەو خودا لە خۆمان رازی نەکەین، وە لە خودا نزیک نەبینەوە بە سایەی ئەو شتەی بۆ ئەو هەژارە دابین بکەیت.

## ٤٥- مافی بەرپرسیار:

مافی بەرپرسیار: ئەگەر بەر پرس هەستا بە دابین کردنی پێداویستی هەژارەکان ئەوە ئەوو هەژارانەش دەبێت سوپاسگوزاربن، ئەگەر بەرپرس یان خاوەن کار یان خاوەن سامان داواکاریەکانیانی جێبەجێ نەکرد دەبێت بەهانەیان بۆ بهێنینەوە، دەبێت گومانی باشیان پێ بەرێن، نابێت گومانی خراپیان پێ بەرێن، خۆ ئەگەر بەرپرس هیچیشی نەدا بە داواکارو داواکەی جێبەجێ نەکرد ئەوە گوناح بار نابێت، بەڵام ئەگەر نەیداو ستەمیشی کرد ئەوا تاوانبارەو خۆی بەرپرسە بەرامبەر بە

خودا. چونکە ئەوە سیفەتی مرۆڤە کە ستەمدەکات و کافریش دەبێت، چونکە مرۆڤە ستەمکارەکان لە کافرەکانن.

## ٤٦- مافی دڵ خۆشکەر:

ئەو کەسەی دڵت خۆشدەکات مەبەستیشی تەنها دڵخۆشی تۆ بێت، بە هەرشتێك بە دیاری بێت یان شتێکی تر ئەوە دەبێت سوپاسی ئەو خودایە بکەیت و پاداشتیشی بدەیەوە ئەگەر لە تواناتدا هەبوو، بەڵام ئەگەر دڵی خۆشکردی و مەبەستی سەرەکی تۆ نەبوو تەنها هەر دەبێت سوپاسی بکەیت و سوپاسی خودا بکەیت بەڵام لەسەرت نییە پاداشتی دڵخۆشبونەکەی بدەیتەوە.

## ٤٧- مافی خراپ دادوەریکردنی دادوەر:

مافی ئەو کەسەی کە دادوەری خراپ دەکات: ئەو کەسەی بە خراپی دادوەری دەکاتوو ستەمت لێ دەکات جا بە زمانی بێت یان بە کردار، ئەگەر بێت و بزانێت و بە مەبەست خراپ دادوەری کردووە، ئەوە ئەگەر تۆ جاکە کاربیت بە دەلیلی قورئان ئەوا ئەو کەسەی ستەمەکەی کردووە دەیبوری و لێی خۆشدەبیت ، بەڵام ئەگەر تۆ کەسێکی جاکەکار نەبیت ئەوکات دەتوانیت بە دە لیلی ئەو ئایەتە پیرۆزە مافی خۆتی لێ وەربگریتەوە ، بەڵام

ئەوکەسەی دادپەروەری کردوو ستەمی کرد لە دادپەروەریەکەدا بەڵام لە ستەمەکە مەبەستی خراپە نەبووە ئەوا ئەوکات نابێت تۆڵەی لێ بکرێتەوەو دەبێت ببەخشرێت و بە بەخشینەکەت شتێکت بە کەسێك بەخشی کە هەڵەی کردووە لەوانەیە ئەو بەخشینەی تۆش وا لەو بکات جارێکی تر ستەمی وا دووبارە نەکاتەوە لەگەڵ کەس.

## ٤٨- مافی خەڵک و کۆمەڵگا:

مافی خەڵك و كۆمەڵگا: دەبێت دڵ و دەرون و زمان و دەستمان بەرامبەریان پارێزراو بێت، ئارامبگرین لە سەریان، باڵی خۆشەویستیان بۆ رابخەین، ئەگەر هەڵەیەكیان هەبوو لێیان خۆشببیت، خۆشەویستیان لە ناودا زیاد بكەین، ئەگەر كێشەیەكیان هەبوو بە دەمیانەوە بچین، سوپاسیان بكەین لەسەر هەموو شتێك تەنانەت ئەگەر شتێكی بۆ خودی خۆشی بەدەست هێنا سوپاسی بكەو بڵی رۆژێك بۆ ئێمەش سودی دەبێت وا دەزانم بۆ

خۆم بەدەستم هێناوە، خۆ ئەگەر هیچ زیانیان بۆت نەبوو، دەبێت تۆش رێگای راست پیشانی هەموان بدەیت هەموان سەر بخەیت وەك سەركەوتنی خۆت، وە دەبێت گەورەكانیان وەك باوكت سەیر بكەیت و بچوكەكانیان وەك كوڕت و گەنجەكانیشیان وەك برا، وە پەیمانی خۆشەویستی و برایەتی ببەستن لەگەڵ یەكترداو وەك برا هەڵسوكەوت لەگەڵ یەكتریدا بكەن.

## ٤٩- مافی غەیرە دین:

مافی غەیرە دین: دادپەروەری ئەوەیە کە بەمشێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت کە خودا فەرمانمان پێ دەکات، بەمشێوەیەش پارێزگاریان لێبکەین کە خودا داوامان لێ دەکات لە سەر ئەو بەڵێنەش بین کە بە خودامان داوە بەرامبەر غەیرە دین، بەو شێوەیەش قسەیان لەگەڵدا بکەین کە خودا بۆی داناوین، بۆیە ئەگەر شتێکی ناخۆش دروستبوو لە نێوانماندا لە کرین و فرۆشتن یان مامەڵەی رۆژانەماندا ئەوا دادوەری بکەن بەوەی کە خودا بۆی دابەزاندوون،

بۆیە پێغەمبەریشمان دەفەرمویێت هەرکەسێك ستەم لە غەیرە دینێك بکات و یان کاری پێ بکات لە سەرووی توانای خۆیان و یان شتێکیان لێ وەربگرێت بە زۆر ئەوا من لە رۆژی قیامەت لە سەری بە جواب دەبم دژی ستەمکارەکە.

## ٥٠- مافی حەج:

بۆ ئەوەی بزانیت حەج گەڕانەوەیە بۆلای پەروەردیگارت وە دەربازبوونە بۆلای ئەو لە گوناهەکانت وە تێیدا تەوبەکردنت قبول کراوە ، وە جێ بەجێ کردنی ئەو فەرزەیە کە خودا واجبی کردووە لەسەرمان.

# ناوەڕۆک

زەین العابدین کێیە؟........................................................ ١
رسالة الحقوق پەیامی مافەکان........................................................ ٥
١- مافی خودای گەورە: ........................................................ ٧
٢- مافی دەروون: ........................................................ ٩
مافی ئەندامەسەرەکیەکانی لاشە
١- مافی زمان: ........................................................ ١١
٢- مافی گوێ (مافی بیستن):........................................................ ١٣
٣- مافی چاو و بینین: ........................................................ ١٥
٤- مافی پێیەکان: ........................................................ ١٧
٥- مافی دەستەکانمان: ........................................................ ١٩
٦- مافی زگ و وگەددە: ........................................................ ٢١
٧- مافی دامێنمان: ........................................................ ٢٣
٨- مافی هەڵسوکەت:........................................................ ٢٥
٩- مافی نوێژ:........................................................ ٢٧
١٠- مافی ڕۆژو گرتن:........................................................ ٢٩
١١- مافی بەخشین:........................................................ ٣١
١٢- مافی قوربانی کردن:........................................................ ٣٣
١٣- مافی ئیمامەکان و- مافی سوڵتان:........................................................ ٣٥
١٤- مافی مامۆستا:........................................................ ٣٧
١٥- مافی خاوەنداریی:........................................................ ٣٩
١٦- مافی گەل وخەڵك: ........................................................ ٤١
١٧- مافی قوتابی:........................................................ ٤٣
١٨- مافی هاوسەر:........................................................ ٤٥

١٩- مافی کۆیلە وکەنیزە.......................................................٤٧
٢٠- مافی دایک سکی (رەحم) دایکت:..........................................٤٩
٢١- مافی باوک:..........................................................٥١
٢٢- مافی منداڵ: ..........................................................٥٣
٢٣- مافی براکەت:..........................................................٥٥
٢٤- مافی دڵسۆزی و خێرخوازی:..........................................٥٧
٢٥- مافی کۆیلە:..........................................................٥٩
٢٦- مافی چاکەکار:..........................................................٦١
٢٧- مافی بانگ بێژ:..........................................................٦٣
٢٨- مافی ئیمامی نوێژ:..........................................................٦٥
٢٩- مافی مەجلیس و دانیشتگە:..........................................٦٧
٣٠- مافی دراوسێ:..........................................................٦٩
٣١- مافی هاورێ:..........................................................٧١
٣٢- مافی هاوبەش:..........................................................٧٣
٣٣- مافی پارە:..........................................................٧٥
٣٤- مافی قەرز:..........................................................٧٧
٣٥-مافی شت تێکەڵکردن:..........................................................٧٩
٣٦- مافی ئەوکەسەی داوای لەسەر تۆ هەیە:..........................................٨١
٣٧- مافی تۆمەتبار:..........................................................٨٣
٣٨- مافی ڕاوێژ و ڕاوێژکاری:..........................................................٨٥
٣٩- مافی راوێژ پێکراو: ..........................................................٨٧
٤٠- مافی ئامۆژگاریکار:..........................................................٨٩
٤١- ڕاستی ڕاوێژکار ئامۆژگاری کراو:..........................................................٩١
٤٢- مافی گەورەکان :..........................................................٩٣

٤٣- مافی بچوکەکان:........................................................................٩٥
٤٤- مافی سواڵکەر :........................................................................٩٧
٤٥- مافی بەرپرسیار:........................................................................٩٩
٤٦- مافی دڵ خۆشکەر:........................................................................١٠١
٤٧- مافی خراپ دادوەریکردنی دادوەر:........................................................١٠٣
٤٨- مافی خەڵك و کۆمەڵگا:................................................................١٠٥
٤٩- مافی غەیرە دین:........................................................................١٠٧
٥٠- مافی حەج:........................................................................١٠٩

حەمدوسەنا بۆ پەروەردگار